SEED Girls

# پرۆگرامی کچانی سیید

seedkurdistan.org

## پرۆگرامی کچانی سیید چیە؟

ئەم پرۆگرامە بەشێوەیەک دیزاین کراوە بۆ بەهێزکردنی کچانی تەمەن نێوان ١٢- ١٧ سالان تا هەموو ئەو زانیارییە گرنگانە بەدەست بێنن سەبارەت بە بابەتە گرنگەکانی ژیان، وەک ژیانێکی تەندرووست، خۆپاراستن، درووست کردنی پەیوەندی باش و بەهێز لەگەڵ خێزانەکانیان، هاورێکانیان لە قوتابخانەدا وە هەروەها لە ناو کۆمەڵگاشدا.

بەشداربووان ئەوەیان لێ چاوەڕێ دەکرێت کە بەشداری لە شەش دانیشتنی ئۆنلاین بکەن لە ڕێگەی بەرنامەی زوومەوە (Zoom) بۆ ماوەی سێ هەفتە بۆ فێربوون لەبارەی چەندین بابەتەوە لە نێویاندا زانیاری لەسەر شارەزاییەکانی ژیان، کارامەییەکانی خۆپاراستن، خۆپاراستن لەسەر ئنتەرنێت، مافەکانی کچان، کارامەییەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی کچان.

لە پاش تەواوبوونی پرۆگرامەکە، بەشداربووان سەبەتەیەکی دیاری لە ڕۆگرامی کچانی سیید وەردەگرن ( لە نێویاندا کراس، جانتای بازاڕکردن، جانتای ناوقەد، پەڕاو، کڵاو، تۆپ و چەند کەرەستەی دیکە) بە خۆڕایی و هەروەها بڕوانامەی تەواوکردنی خولەکە لەلایەن دەزگای سییدەوە.

## ئایا من دەتوانم بەشدار ببم؟

- ئایا تەمەنت لەنیوان ١٢-١٧ ساڵانە؟
- دانیشتووی شاری هەولێر و دەورووبەری؟
- ئایا دەتوانیت بە زمانی کوردی یان عەرەبی قسە بکەیت، بنوسیت وە بخوینیتەوە؟
- ئایا بەردەسیت بۆ ئەوەی بەشداری بکەیت لە پرۆگرامەکە هەفتانە بۆ ماوەی ٣ کاتژمیر لە ڕێی ئۆنلاینەوە بۆ ماوەی ٣ هەفتە؟
- ئایا مۆبایل و هێڵی ئینتەرنیت هەیە بۆ ئەوەی بتوانیت بەشدار بیت لەم خولە لە ڕێگای ئۆنلاین؟
- تکایە ئاگاداربە تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بەشداری ئەم خولەکە بکەن کە لە ئیستادا بەشداری نین لە هیچ خولێکی تری پەرەپیدانی تواناکانی گەنجان لەلایان ڕیکخراوی ترەوە.

## دەزگای سیید کێیە؟

دەزگای سیید دەزگایەکی خێرخوازییە تۆمارکراوە لە شاری هەولێر،کاردەکات بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی کۆمەڵایەتی و فێرکردن و گەشەپێدانی ئابووری و ماف مرۆڤ لە ناوچەکەدا، هەروەها چارەسەرکردنی پێداویستییە مرۆییەکانی دانیشتوان .

بۆ زانیاری زیاتر و بەشداری کردن لە پرۆگرامەکە، تکایە پەیوەندی بکە بەم ژمارە

٠٧٥١ ٧٠٠ ١٩٤٢ / ٠٧٥١ ٥٠٠ ٦٦٢٧

seed foundation

Implemented by

giz Deutsche Gesellschaft für Internationale Zusammenarbeit (GIZ) GmbH

german cooperation

DEUTSCHE ZUSAMMENARBEIT